پەروەردە

# قوتابییان و پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە تێڕوانینی سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی

Kurdistan24 هەولێر 2023/10/26 18:32



کوردستان | کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان | سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی | پەروەردە | قوتابییان

**K24 – هەولێر:**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێڕوانینی تایبەتی هەیە بۆ قوتابییان و پرۆسەی خوێندن و جەخت دەکاتەوە، قوتابییان گرنگترین توێژی کۆمەڵگەن و هەرئەوانیش لە رێگەی پەروەردەیەکی باش و فێربوونی زانست و زانیاری دەتوانن لە داهاتوودا خزمەت بە خاک و نیشتمان بکەن.**

سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی دووپاتیی دەکاتەوە خوێندن تەنیا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە نییە، بە بڕوای ئەو؛ دەبێت قوتابییانی کوردستان فێری ئەو پسپۆڕی و شارەزاییانە بن کە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی کوردستان پێویستن و ئامانجیشیان ئەوەیە کوردستان بکەن بە کۆمەڵگەیەکی پڕ زانست و مەعریفە و قوتابییە دەرچووەکان تەنیا هەڵگری بڕوانامە نەبن.

قوتابیان لە دید و بۆچوونی سەرۆکوەزیران گرنگترین توێژی کۆمەڵگەن و هەرئەوانیش لەرێگەی پەروەردەیەکی باش و فێربوونی زانست و زانیاری دەتوانن لە داهاتوودا خزمەت بە خاک و نیشتمان بکەن.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی قوتابییان تێڕوانینی تایبەت بەخۆی هەیە، بە بڕوای ئەو ئەرکی قوتابخانە تەنیا فێرکردنی خوێندن نییە، بەڵکو پەروەردەکردنیشە، جیا لە زانست و خوێندن، قوتابی دەبێت فێربکرێت لە ژیاندا چۆن مامەڵە لەگەڵ گرفتەکانی رۆژگار بکات.

لەلای سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی، دەبێت لەپاڵ فێربوون و خوێندن، مامۆستایان؛ قوتابییانیان لەسەر خۆڕاگری و رووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان رابهێنن و بیانکەن بە تاکێکی کۆڵنەدەر، هەربۆیە دەڵێت: "پێویستە قوتابییانی ئێمە لە سەرەتاوە فێری خۆشەویستی بن، فێری کۆڵنەدان و بەردەوامبوون و خۆڕاگریی بن، فێری ئەوە بن کە چۆن لە ژیاندا پێویستە بە سەربەرزی بمێننەوە و بە هیچ جۆرێك کۆڵ نەدەن بۆ هیچ لەو گرفتانەی کە دێنە ژیانی رۆژانەیان".

زانست و پەروەردە؛ دوو لەو بنەما گرنگانەن، کە لە پلان و کارنامەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەپێشینەن و زۆرترین کاریان بۆ کراوە، ئامانجی سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی ئەوەیە کوردستان بکاتە نیشتمانێکی پڕ لە زانست و زانیاری، لەم رووەوە سامانی مرۆیی و بەتایبەتی گەنجان، بەنرخترین سەرمایەی نیشتمانیین و شایانی ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و خۆشگوزەرانین.

بە تێڕوانینی سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی، خوێندن تەنیا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە نییە، بە بڕوای ئەو؛ دەبێت قوتابییانی کوردستان فێری ئەو پسپۆڕی و شارەزاییانە بن کە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی کوردستان پێویستن، هەربۆیە دووپاتیدەکاتەوە، ئامانجیان ئەوەیە کوردستان بکەن بە کۆمەڵگەیەکی پڕ زانست و مەعریفە و قوتابییە دەرچووەکان تەنیا هەڵگری بڕوانامە نەبن، بەڵکو فێری ئەو پسپۆڕی و شارەزاییانە بن کە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی کوردستان پێویستن، هەروەها مرۆڤێکی داهێنەر و تێگەیشتوو و لێهاتوو بن کە بتوانن سوود بە کۆمەڵگەی خۆیان بگەیەنن.

هەروەها لە ماوەی رابردوو، سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی چەندینجار پابەندبوونی خۆی بە کارکردن و هاوکاریکردنی گەنجان وەک گەورەترین سەرمایەی هەرێمی کوردستان دووپاتکردووەتەوە و پەیامی راستەوخۆی بۆ گەنجان ئەوەبووە، "ئامرازی پێویستتان بۆ سەرکەوتن بۆ دابیندەکەین، ژینگەیەک دروست دەکەین تێیدا کارامەیی و شارەزایتان رەنگبداتەوە".




دوایین هەواڵ
25 خولەك
وەزارەتی دەرەوەی تورکیا: دیپلۆماتکارانی ئیسرائیل لە تورکیا نەماون
51 خولەك
بەهای دۆلار و نرخی زێڕ
1 کاتژمێر
سبەی شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرسی مووچە و بودجە دەچێتە بەغدا
1 کاتژمێر
تەندروستی جیهانی هۆشداری لە بڵاوبوونەوەی پەتایەکی نوێ دەدات





Kurdistan24 ©Copyright 2021
هەموو مافێک پارێزراوە

**لەسەر ئەم شەپۆلانە**
گوێ لە رادیۆی کوردستان24 بگرە

**ئەپی کوردستان**24
داونلۆد بکە

| | |
|---|---|
| Eutelsat | 11677 H 5040 |
| NileSat | 11354 V 27500 |
| Hotbird | 11373 H 27500 |

100.7FM
HALABJA SLEMANI

99.7FM
DUHOK KIRKUK ERBIL

App Store · Google Play · Galaxy Store · Huawei Store